**بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا (٢)**




## بۆکان لە کتێبی(دەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان) نووسینی ئەحمەدی قازی

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

خوالێخۆشبوو دوکتور محەمەد سادقی شەرەفکەندی براچووکەی مامۆستا هەژار هەر لە منداڵیەوە دەگەڵم دۆست بوو . لە زەمانی کۆماری کوردستاندا لە گوندی تەرەغەوە هاتە مهاباد و بووین بە هاودرەس و هەواڵی گیانی و ئەم دۆستایەتی یە تا لێک هەڵبڕانمان لە ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاویدا هەر بەردەوام بوو . ئەو بەرەو شاخ چوو منیش لە شاری مامەوە . خوێندنمان پێکەوە لە مهاباد دەست پێکرد، پێکەوە چووینە تەورێز پاشان تاران و لەوێ زانکۆمان تەواو کرد و پاش ئەوەی ئەو بۆ کار رۆیشتە ئەراک و من هاتمەوە بۆکان پەیوەندیمان هەر بەردەوام بوو.

سادق زەینی زۆر تیژ و بەهرەی فێربوونی زۆر لە بارستای ئاسایی لە سەرتر بوو . لێرەدا نموونەیەک لەو هۆش و بە هرەیە باس دەکەم . لە دانشسەرای عالی چەند دەرسی هاوبەشمان هەبوو کە خوێندکاری هەموو بەشەکان دەبوایە بیخوێنن یەکێک لەو دەرسانە کۆمەڵناسی بوو . مامۆستای ئەو دەرسە دوکتور ئەکرەم ناوێک بوو کە لە ئامریکا دەرسی خوێندبوو لە بنەماڵەیەکی فەقیری بەشی خواررووی شاری تاران بوو کە بە هۆی تێکۆشان و خوێندنی باش بوورسی خوێندنی ئامریکایان پێداوە ولەوێش توانیویەتی دوکتورای کۆمەڵناسی وەربگرێ. بۆ ئەو دەرسە هیچ کتێب یا سەرچاوە یا فوتوکۆپی بابەتەکانی پێ نەدەداین و دەیکوت دەبێ هەر بە گوێ گرتن فێری بابەتەکان ببین هەندێکمان لە قسەکانی یاداشت مان هەڵدەگرت هەندێک کەس تەنانەت زەبتی سەوتیان دێنا و قسەکانیان دەخستە سەر شریت من خۆم نۆتم هەڵدەگرت بەڵام سادق بە وردی گوێی دەدا قسەکانی و تەواو . کاتی ئەزمون گەیشت چوار پێنج سەعات دانیشتین و ٢٠٠ پرسیارمان جواب داوە پاش مانگێک جوابی ئەزمون هاتەوە لەو ٣٠٠ کەسە نزیک ٢٠ تا ٣٠ کەس سەرکەوتبوون.

دوکتور ئەکرەم لە پشت میکرۆفۆنەوە پرسیاری کرد: سادق شەرەفکەندی کێ یە؟ سادق هەستاو کوتی منم . لێی پرسی تۆ ئەو دەرسەت چۆن خوێندووە ؟ سادق کوتی بێجگە لەوەی کە بە وردی گوێم داوەتە بەرێزتان هیچ کارێکم نەکردووە

دوکتور ئەکرەم بە لایەوە سەیر بوو سادق لە ۲۰ نمرە ۱۹ی وەرگرتبوو منیش با خۆم هەڵکێشم لە ۲۰ نمرە ۱۲نمرەم وەرگرتبوو . سادق شەترەنجیشی باش دەزانی و زۆرمان پێکەوە کایە دەکرد بۆ کتێب خوێندنەوە کەس تۆزی نەدەشکاند و زۆرتر لەوەی خەریکی دەرسەکانی بێ کتێبی مێژوو یا فەلسەفە و سیاسەتی دەخوێندەوە. یەکێک لە بیرەوەرییەکانی ئەو مەودایە ئەوەیە ڕۆژێکیان لە ساڵی ئاخردا دەگەڵ سەید مەحموود و سادق و ساڵح عەتایی و چەند هاوڕێی دیکە لە سەر میزی خواردنی رێستوراڕنی کووی دانیشگا دانیشتبووین و تازە خۆراکمان وەرگرتبوو کە کوتیان شا(محەمەدرەزاشا) هات پاش دووسێ دەقیقە ئەعلاحەزرەت و ئیقباڵ سەرۆک وەزیران و دوکتور بێهمەنیش رەئیسی گەرەکی زانکۆ (کوی دانشگاه) و چەند کەسی دیکە وەژوور کەوتن. هەموو خوێندکارەکان لە جێی خۆیان هەستان و بە حاڵەتی ریزگرتنەوە راوەستان . شا و هاوڕێیانی یەکڕاست هاتنە سەر میزی ئێمە هۆی ئەم کارەشی ئەوە بوو کە سەید مەحموودی دەناسی چونکە قارەمانی هەڵداشتنی دیسک بوو ئەحواڵی هەمووماني پرسی و چاوێکی لە ئاڵووباڵوو پلاوی بەر دەممان کرد و پرسیاری کرد لە خۆراک رازین یا خێر؟ بەڵێ قوربان رازین پاشان کە زانی هەموومان کوردین ئەسپاردی کە پاش تەواوبوونی دەرسەکانمان حەتمەن بگەڕێینەوە شارەکانی خۆمان چونکە کوردستان زۆر دواکەوتووە و نیازی بە ئێمە زۆرە. ئەوەی لە سەر و پۆتەڕاکی شا ئێستاش لە بیرم ماوە ئەوەیە کە رەنگی مردووانی لێ نیشتبوو پێستێکی مردووی مەیلەو سپی کە زۆر باش تاشرابوو زۆر باشیش کرێمی تێدرابوو بە سەر دەم و چاوی کشابوو زۆر کز و لاواز بوو ئێسکی رووومەتی دەرپەڕیبوو جل و بەرگی نیزامی دەبەردابوو بەڵام بۆی گوشاد بوو چاوی دەبرووقانەوە و هەندێک دەقووڵەوە چووبوون لە سەر یەک پیاوێکی جوانم نەهاتە بەرچاو کەسێک بوو کە دە دنیای خۆیدا دەژیا هیچ زەوق و چێژ و ورەیەکی تێدا بەدی نەدەکرا و هاوڕێکانی لە خۆی رێک و پێک تر بوون لەحزەیەک بە لامانەوە راوەستان و پاشان رۆیشتن.

دەرسە تایبەتیەکانی بەشی زمانی ئینگلیسی زۆرتر بریتی بوون لە رێزمان و دەقی ئەدەبی کلاسیک و ئاشنایی دەگەڵ بەرهەمەکانی ویلیام شکسپیر و مامۆستاکانمان بریتی بوون لە دوکتور نای کە خانمێکی ئەمریکایی بوو ، دوکتور سەعادەت ، دوکتور ئەمیر حۆسێنی ئاریان پوور فیلسوف و زانای کۆمەڵناس کە زۆر شتی لێ فێربووین هەروەها میس گڵاد مەنیش هەبووکە لە سەر شیعر و هەڵبەستی ئینگلیسی و رەدیف و قافیەی ئەو شیعرانە دەرسی پێ دەگوتین. دوکتور ئاریانپوور کە مەتنی ئینگلیسی پێ دەگوتین زۆرتر باسی زانستی کۆمەڵناسی دێنا گۆڕێ و ئەو ئاڵووگۆڕانەی فێر دەکردین کە لە کۆمەڵگای سەرەتایی رەوەی ئادەمیزادەکانەوە تا ئێستا روویان داوە بە راستی زۆر شتی لێ فێر بووین و چاووگوێمان لە سایەی دەرسەکانی دا بەرەو دنیای زانست کرایەوە.

کاتێک خوێندنمان لە دانشسەرا تەواو بوو (پایزی ۱۳۳۸) لیسانس مان وەرگرت و دەبوایە بچینە سەر کار وببینە مامۆستای دەبیرستان. چووینە بەشی کار گوزینی وەزارەتی فەرهەنگ و دەیانەویست من بنێرنە ئەراک بەڵام من کوتم : ئەعلاحەزرەت فەرموویەتی حەتمەن بچمەوە مهاباد و ناتوانم لە فەرمانی خاوەن شکۆ سەرپێچی بکەم کابرا بە سەیرێکەوە تێمی روانی دیار بوو باوەڕی نەدەکرد بەڵام کە رووداوەکەم بۆ گێڕاوە زوو حوکمی چوونەوە بۆ مهابادی بۆ مۆرکردم و بەمجۆرە حوکمی شا و چارەنووس گێڕاندمیانەوە مهاباد و لەوێڕا بە خواهشتی قاسماغای موهتەدی کە گەورەی شاری بۆکان و زۆر دەستڕۆیشتوو بوو درام بە ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان و لەوێ دامەزرام . بۆکانی ئەودەم وەک گوندێکی گەورە وابوو تەنیا خەیابانێکی خاکی شیمالی جنووبی هەبوو بەرق نەبوو ، لوولە کێشی نەکرابوو حەوزە گەورەکەی بەر قەڵای سەردار هەموو سەعاتان بە تایبەتی ئێوارانە پڕ بوو لە گۆزە بە شانی جوان و لە بار و لە بەر هات و چۆی جحێڵان هەمیشە قەرەباڵغ بوو. ئەو سەردەمی بڕەم بڕەمی ئاغاوەت بوو بە تایبەتی ئاغاوەتی دەوروبەری بۆکان بە دێبۆکری و گەورک و بەگزادەوە زۆر دەوڵەمەند بوون و باش دەستیان دەڕۆیشت هێشتا ئیسلاحاتی ئەرزی نەکرابوو شارەکە روو لە گەشە کردن بوو دووکان و بازاڕێکی باشی هەبوو تەبەقەیەک دووکاندار و بازرگان کە زۆریان خەڵکی دێهاتی دەوروبەر بوون بە هەرەمە خەریکی دەوڵەمەند بوون و ماڵ کۆکردنەوە بوون و ئەغلەب ئاغاوەتەکان پێ یان قەرزدار بوون و وردە وردە تای تەرازوو بە قازانجی وردە بورژوازی شار قورس تر دەبوو و زەویدارەکان لە وەزعی خۆیان بێ خەبەر بوون و شەش و بێش پێ یان دادەدا و زەوی قەراغ شار و نێوشاریان بە هەرزان بەو خەڵکە دەفرۆشت و لە تەورێز و تاران بە بەلاش خەرجیان دەکرد و دەفکری دوارۆژ دا نەبوون . بۆکان هەر لە قەدیمەوە مەڵبەندێکی هونەر و ئەدەبی کوردی بوو لە زەمانی کۆماری کوردستان دا مامۆستای وەک حەقیقی و ئاوات (سەیدکامیلی ئیمامی) و نووری و هێدی و ئەدیبی وەک مەلا حەسەنی قزڵجی و حاجی رەحمانی موهتەدی لێ هەڵکەوتبوو ئەو دەمی کە من چوومە ئەو شارە (۱۳۳۸) شاعیرەکان هەموو کپ و

بێدەنگ بوون و تا لە کەسێک خاترجەم نەبان باسی شیعریان نەدەکرد ئەڵبەت لە بنەوە هەموویان هەر خەریک بوون و شیعریان دەکوت و بۆ یەکتریان دەنارد و جاروبار نوسخەیەکیش بە من دەگەیشت . بنەماڵەی موهتەدی زۆر ئەهلی شیعر و ئەدەب بوون و هەرکات چووبامە ماڵیان باسی شیعر و ئەدەب و سیاسەت دەهاتە دەگۆڕێ و مەجلیس دەبوو بە کۆڕی ئەدەبی و باسی کۆمەڵایەتی و سیاسی. سوارەی ئێلخانی زادە هەر لەو سەردەمەدا دەستی کرد بە شیعر کوتن جاروبار چاومان پێک دەکەوت زۆرتر باسی شیعری نوێی دێنا گۆڕێ و عاشقی شیعرەکانی مامۆستا گۆران بوو ئەودەم تازە شیعری گۆران کەوتبووە سەر زاری هەندێک لە شاعیرە لاوەکان و دیوانە شیعری یە سەرەتاییەکانی گۆران بە دەگمەن وەگیر دەکەوتن و دوور لە چاوی ساواک لە نێو رووناکبیراندا دەستاودەست دەکران چەند کەسێک لە رووناکبیرانی ئەوکات کە گوروگاڵی شیعری نوێیان دەکرد بریتی بوون لە خوالێخۆشبوو عەلی حەسنیانی (هاوار) فاتیحی شێخەلئیسلامی (چاوە) سوارە و چەند کەسێکی تر. کاک سەلاحی موهتەدی یەکێک لەو رووناکبیرانە بوو کە زۆر هۆگری شیعری تازە و رێبازی تازەی ئەدەبی کوردی بوو دەگەڵ سوارە ئاڵووگۆڕی نامەیان دەکرد و هەمووکات سوارەی هان دەدا کە دیوانەکانی گۆران بخوێنێتەوە و لە سەر وەزنی برگەیی تازە و بە شێوەی نوێ شیعر بڵێ بەڵام بنەماڵەی سوارە بە تایبەت ئەحمەداغای باوکی کە پیاوێکی روح سووکی تێک سڕماوبوو ردینێکی تۆپی هێشتبۆوە زۆر وە ئێرنێست هێمینگوێی رۆمان نووسی گەورەی ئامریکایی دەچوو هەروەها کاک سەعدی موهتەدی مامی کە ئاغای گوندی شێخلەر بوو گاڵتەیان بە شیعری نوێ دەکرد وسوارە نەیدەوێرا لە حزووری ئەواندا شیعری خۆی بخوێنێتەوە.

ئەحمەداغا کە گوندی قەرەگوێزی هەبوو جاروبار راوە کەروێشکی دەکرد و سوارچاک بوو شەوێکیان بە عومەراغای کوڕیدا کە دەگەڵ من زۆردۆست بوو رایئەسپاردبوو کە بۆ شام بچمە ماڵیان رۆژێک پێشتر ئەحمەداغا کەروێشکێکی کوشتبوو عالەمێکی بۆ خواردنی سەنگەسیر دەعوەت کردبووسوارەش لە مەجلیسەکە دابوو کاک سەعد و قاسماغا و چەند کەسی دیکەش تەشریفیان لەوێ بوو پاش شام خواردن ئەحمەداغا لە منی پرسی قازی شیعری نوێت پێ چۆنە منیش دەستم کرد بە تاریفی شیعری تازە و نموونەیەکم لە شیعرەکانی گۆران بە ناوی رەوتی جوان کە باسی کەروێشکی قەڵەوی گورجیشی تێدا بوو خوێندەوە سەرێکی لێ راوەشاندم و کوتی ئەوانە شیعر نین هەر قسەن پیاوی بێ سەوادیش دەتوانێ لەو تەرزە شیعرانە بە جەوال دابنێ شاعیر هەژارە ، هێمنە ، حاجی قادرە پاشان شیعرێکی نیشتمانیی هەژاری خوێندەوە و منیش لە بەرانبەری چەقیم و دەستم کرد بە رەخنە گرتن لە شیعری کۆن و پێ هەڵاکوتن بە شیعری نوێ ئەحمەداغا تووڕە بوو و بە دەنگی بەرز کوتی: بە سەری حاجی بایزاغای ئەوانە هیچیان شیعر نین و ئابرووی زبانی کوردیش دەبەن ویستم منیش سوێندێک بخۆم بەڵام عومەراغا کەلە تەنیشتم بوو کوتی ئیدی فایدەی نییە کە سوێندی بە سەری حاجی بایزاغا خوارد ئیتر خەلاسە و هیچ شتێک ناسەلمێنێ منیش باسەکەم کۆتایی پێ هێنا و مەجلیسەکە هێور بۆوە و باسی شتی تر هاتە گۆڕێ .

لە بۆکان ماڵێکی دوو وەتاغی و پێشخانەیەکم لە کابرایەک بە ناوی باوە مین بە کرێ گرتبوو ژنم نە هێنابوو سەڵت و رەبەن بووم لە لاوەڕا کڵفەت و کاردار کاریان بۆ دەکردم و خۆشم وەک رەئیسی دەبیرستان و دەبیری زمانی ئینگلیسی کارم دەکرد و پاش ساڵێک کرامە رەئیسی فەرهەنگیش و بەم جۆرە سازمانی فێرکردن و بارهینان بە تەواوی کەوتە بەر دەستی من. ئەو دەم بۆکان دە ژێردەستی مهاباد دابوو یانی بەخش بوو رەئیسی فێر کردن و بارهێنان کە ئەودەم پێیان دەکوت ئیدارەی فەرهەنگ لە مهاباد بەرێز محەمەدی موحسێن بوو زۆر جار سەری بۆکانی دەدا و لە ئاغایانی بەگزادە یا قاسماغای موهتەدی میوان دەبوو من کە بە ئامانجی خزمەت بە خەڵک گەڕابوومەوە وڵات لە ماوەی یەک دووساڵدا ئاڵووگۆڕێکی بنەرەتیم دە کاروباری فەرهەنگی بۆکان دا پێک هێنا و لە هەموو دەرفەتێک بۆ برەو پێدانی سەواد و زانیاری و دانانی مەدرەسەی تازە  لە گوندەکاندا تێدەکۆشام. زۆر جار مامۆستاکانی قوتابخانەکانم کۆ دەکردەوە و بە پێچەوانەی رەئیس و مودیرەکانی پێشوو بە کوردی قسەم بۆ دەکردن و هانم دەدان بۆ خزمەت بە منداڵانی ئەو خەڵکە زۆرلێکراوە تێ بکۆشن جار جار ماشێنم لە ئیدارەی فەرهەنگی مهاباد وەر دەگرت و بۆ بازرەسی و پشکنین دەچوومە ئەو گوندانەی مەدرەسەیان لێ بوو جارێکیان چوومە گوندێکی ناوچەی گەورکی بۆکان وەک لە بیرم مابێ تازەقەڵا بوو رۆژی شەممە بوو چووینە مەدرەسە بەڵام نە شاگرد دیار بوو نە مامۆستا وردەوردە منداڵی دێ لێمان هاڵان کە زۆربەیان قوتابی بوون لێم پرسین کوا مامۆستا کوتیان دەگەڵ کوڕی ئاغای چۆتە راوە کەروێشک یەکێک لە منداڵەکان کوتی: ئاغا زۆر دوور نین بچم بانگی کەمەوە منداڵم بە دووی دا نارد و زۆری پێ نەچوو مامۆستا کە کوڕە جحێڵەیەکی سابڵاغی بوو دەگەڵ کوڕی ئەرباب

هاتنەوە و کە لێم نزیک بۆوە و سڵاوی کردبە هەموو هێزی خۆم شەپە لاغەیەکم لێداو جنێوم پێدا عالەمەکە بە تایبەتی کوڕی ئاغا زۆر سڵ بوون و کەس متەق لەبەر نەهات مامۆستاش بە پەلە دەرباز بوو دەرگای مەدرەسەی کردەوە و دەست بە کار بوو پاشان بانگم کرد و دڵخۆشیم داوە و پێم کوت ئەگەر کوردنەبای گلەییم لێ نەدەکردی بەڵام ئێمە کوردین و دەبێ خزمەت بەو منداڵە کوردانە بکەین بەڵێنی دا کە ئیتر ئەو کارە دووپات ناکاتەوە و لە ڕۆژانی کار دا مەدرەسە بە جێ ناهێڵێ لە حاڵێک دا چاوی پڕ لە فرمێسک بوو بە جێم هێشت و بەرەو گوندێکی دیکە ڕۆیشتین. ڕەفتاری جیددی و دڵسۆزی زۆر و بە کوردی قسە کردنم لە کۆبوونەوەکاندا بە گوێی سازمانی ئەمنیەت (ساواک) گەیشتەوە ڕۆژێکیان کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکێک چووبوومەوە ئیدارەی فەرهەنگی مهاباد ڕەئیس محەمەدی موحسین کوتی هەندێکم کار پێتە ئەوجار دەستی گرتم و پێکەوە چووینە حەساری پشتەوەی ئیدارە دەمزانی باسی چ دەکا دەمزانی زۆر گوزاریشتم لێ دراوە زۆر بە ڕووخۆشی ڕووی تێکردم و پاش تاریف و پێهەڵاکوتنێکی زۆرپێی کوتم بۆ دەفکری داهاتووی خۆت دانی تا جەوانی و لە دەستت دێ بۆخۆت هەوڵی پووڵ و پارە و ماڵی دنیا بدە و کارت بە کەس نەبێ و خودای نەخواستە وەدوای سیاسەت و شتی وا مەکەوە عەرزم کردکارم بە سیاسەت نییە بەڵام بەو مووچە و مواجبە کەمە چۆن دەتوانم دەوڵەمەند بم ماڵم هەمیشە پڕە لە میوان و هەموو دەمناسن و هامووشۆم دەکەن و خەرجم زۆرە کوتی ئەو هەموو بودجەی ئیدارەت لە بەر دەستی دایە هەندێکی خەرج بکە وهەندێکی بۆخۆت هەلگرە و بەشی منیش بدە پشتت دەگرم و گوێ نادەمە ئەو گوزاریشت و ڕاپۆرتانە . زۆر بە جیدی پێم کوت من بۆ دزی نەهاتوومەوە ئێرە من چۆن دەتوانم مەسەلەن لەپووڵی نەوت و سووتەمەنی مەدرەسەکان کە زۆر کەمە و منداڵەکان لە کەلاسەکاندا هەڵ دەلەرزن دزی بکەم نا قوربان من کوڕی ئەو خەڵکەم و ناتوانم خەیانەتیان پێ بکەم تکایە من لە سەر پۆستی سەرۆکایەتی ئیدارە هەڵگرە و یەکێکی لێدانێ کە بە مەیلی جەنابت بکا کە وام کوت کەمێک سوورهەڵگەڕاو بزەی شیرینی سەر لێوی بوو بە بزەیەکی تاڵی توورەیی و سەرسوورمان پاش بێ دەنگیەک زمانی وەگۆ هاتەوە و کوتی( ازماگفتن بود میل شماست) یانی لە سەر من پێ کوتن بوو جا کەیفی خۆتە. لەمەودوا ئیتر کەوتمە ژێر چاوەدێری وردی ساواک و ڕاپۆرتچی و سیخوڕەکانی. هەموو قسە و ئاکارێکم گوزارش دەکرا جاریکیان چەند هەواڵنێری گۆڤاری ناشناڵ ورڵد جیوگرافی (national world geography) لە ئەمریکاوە هاتبوونە بۆکان و دەگەڵ مەحمووداغای حەمامیان گەورەی عەشیرەتی دیبۆکری کە هەمیشە خەنجەری دەبەر پشتێندی داهەبوو و زۆریش ماڵ ئاوەدان و نێو بەدەرەوە بوو و دەگەڵ منیش بە تایبەتی لوتفی زۆر بوو هاوپەیفین و چاوپێکەتنێکیان پێک هێنابوو هەروەها چاویان بە قاسماغای موهتەدیش کەوتبوو هەردووک بەرێز باسی وەزعی وڵات و عەشیرەتی خۆیان کردبوو کە بۆ ڕۆژی خۆی دەتوانن چەند هەزار کەس بنێرنە مەیدان پاش مانگێک ئەوژمارەی کە ئەو هاوپەیفینەی تێدابوو گەیشتە دەست مەحمووداغا و قاسماغا لە سەر رووبەرگی گوفارەکە وێنەیەکی گەورەی مەحمووداغا بە خەنجەرەوە چاپ کرابوو ردێنێکی سپی جوان کە تا سەر مشتووی خەنجەرەکە هاتبووە خوار هەیبەتی لیباسی کوردی و پشتێندی گرێ چن و قیافەی ئەشرافی بە راستی گۆفارەکەی رازاندبۆوە پاش چەند ڕۆژێک گۆفارەکەیان بۆ من نارد کە بزانم چی تێدا نووسراوە ئەو شەوە کە خەریک بووم وتارەکە وەرگێرمە سەر فارسی کارمەندێکی فەرهەنگی مهاباد و ئەندامی سازمانی ساواک وەک میوان لێم وەژوور کەوت و چاوی بە گۆوارەکە و وێنەی مەحمووداغا کەوت گەڕابۆوە مهاباد و ڕاپۆرتی تەواوی دابوو بە ئیدارەی ساواک و ڕەئیسی ئیدارەی فەرهەنگ. سێ ڕۆژ دوایی نامەیەکم بە ئیمزای موحسین بە دەست گەیشت کە هەرچی زووتر ئەو گۆفارە بنێرە مهاباد بەڵام من گۆفارەکەم ناردەوە بۆ خاوەنی و جوابی نامەم داوە کە گۆفارەکەم ناردۆتەوە بۆ قاسماغا و لای من نەماوە .

ئەو گەرەکەی لێی بووم و ئێستا خەیابانی سەقزی بە نێودا لێ دراوە گەڕەکێکی قەرەباڵغ بوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ خانووی تازەی تێدا دروست دەکرا و بەشێک لە بۆکان بوو کە زۆر بە نارێکی گەورە دەبۆوە و بەرەو ڕۆژهەڵات زەوی و زاری وەبن خۆی دەدا ماڵەکان زۆربەیان یەک نهۆم و کوچە و کۆڵان تەنگ و بەرتەسک بوون بەڵام پێش خانووی من کۆڵانێکی پان و بەرین بوو کە ژن و منداڵ و ڕێچکەی کچە جحێڵە ی گۆزە بەشان کە بۆ ئاوهێنان دەچوونە سەر حەوزە گەورە یا لەوێ ڕا دەهاتنەوە وەک شارە مێرو دەهاتوچۆ دابوون و لە بەرانبەر ماڵەکەی مندا جارجار پۆلێک لەو کیژانە رادەوەستان و بە دزی چاویان لێ دەکرد و پاش هەندێک قسە  و خەندە و بزەی شیرین گۆزەکانیان هەڵدەگرت و وەڕێ دەکەوتنەوە و هەرکام بە خەیاڵێکەوە تێدەپەڕین . بیرەوەرییەکی شیرینی ئەو ماڵەم هەر لە بیرماوە شەوێکیان تازە لە گوندی کولتەپە گەڕابوومەوە ماندوومردوو بووم و خەریک بوو بنووم کە دەنگی خەلیفە ئیمام جەنابی مەلا ئەحمەدی وەحیدی ئیمام جومعەی بۆکان و دەبیری (حق التدریس) ی دەبیرستان لەدەرگاوە گوێ بیس بووم ( جەنابی قازی ئیجازەیە) بە پەلە نوێن

و بانم ڕاگوێزته دیوه چکۆڵه و چرام دەست دایه و بەروپیری چووم بە خێر هاتنم کرد و بە پلیکانان دا وەسەر کەوتین ئەو دەم شار کارەبای نەبووماڵەکان بە چرای تۆڕ یا چرای گردسۆز و لامپا و شتی وا ڕووناک دەکران تەنیا چرایەک نەبی نەبوو هێشتا ژنم نەهێنابوو یا وەک دەڵێن نەببووم بە ماڵ جەنابی خەڵیفه و عەبدوڵای کوری که شاگردی خۆم بوو دانیشتن و پاش ئەحواڵپرسی بە شەمچەیەکەوە چوومە پێشخانه نیوه تاریکەکه و سەماوەرم هەڵکرد سەماوەرێکی نەفتی چکۆڵه بوو که هێندەی سیغار کێشێک وەکوڵ دەهات پێش ئەوەی سەماوەرەکه وەکوڵ بێ دەمەوێ هەندێک باسی عەبدوڵڵای وەحیدی بکەم پاش ئەوەی خوێندنی لە بۆکان تەواو کرد لە زانستگەی تاران زۆر سەرکەوتووانە لە زانکۆی حوقووق لیسانسی وەرگرت و بوو بە قازییەکی بە ویژدان و نێو بە دەرەوە و لە تاران نیشته جێ بوو کوڕێکی سەرشێت و لە هەمان کات دا زۆر بە بەهرەی هەبوو دەگەڵ باوک و دایکی نەدەسازا و هەڕەشەی لێ دەکردن پاش نیوەڕۆیەک که وەحیدی بە تەنیا لە ماڵ دا نوستبوو ئەو کوڕە بە دزی خۆ دەگەیەنێته ژووری باوکی و بە زەبری چەکوش و چەقۆ دەیکووژێ ئەو ڕووداوه پەژارەیەکی زۆری خسته دڵی خەڵک و خەڵیفه ئیمامی شێواند خەڵیفه پیاوێکی دڵ زیندووی دەم بە پێکەنین و خۆش مەشرەف بوو بەڵام بەو ڕووداوه زۆر تێکچوو کوڕە سەرشێتەکەیان برده زیندان و لە سەر پێداگری خەڵیفه ئیمام لە حوزووری خۆیدا ئیعدام کرا. پاش چارەگە سەعاتێک سەری سەماوەرم دا تەماشام کرد پڵیتەکەی بۆته پۆلووی سوور و نەفتی تێدا نەماوه بە پەله چووم نەفت بێنم دڵۆپێک مان نەمابوو بە هەرەمه خۆم گەیانده ماڵی باوەمین و نەفتیان بۆ هێنام لە تاریکی دا نەفتم لە سەماوەر کرد و پڵیتەی گڕی گرتەوه و سەماوەر دەستی کرد بە قوڵته قوڵت چام دێم کرد و سەماوەر و ئیستیکانم هێنا ژووری و ڕیزێکم چا تێکرد بەڵام چ چایەک وەک کۆلکه زێرینه لە هەموو ڕەنگێک دەینواند ئەتۆ مەزانه کاتێک بە پەله پەل نەفتم دە سەماوەرەکه کردووه نیوەی دەو تاریکییەدا ڕژاوەتەوه نێو ئاوەکه و چادانەکه و من پێم نەزانیوه. خەڵیفه ئیمام چایەکەی خواردەوه و زۆری پێخۆش بوو تەنانەت لێشی پرسیم ئەو چا باشەت لە کوێ کڕیوه خۆم نەمتوانی لەبەر بۆ نەفت چایەک بخۆمەوه دەو ئانەدا کاک عەلی حەبیب زاده حیسابداری ئیدارەش هات و چایەکم لە پێش دانا قومێکی خواردەوه و چایەکەی وەلا نا و بە پێکەنین و ئیشارەی سەر و چاو لێی دەپرسیم ئەوه بۆ وایه منیش بە ئیشاره تێم گەیاند که جارێ دەسبەردار بێ و هیچ نەڵێ و جەنابی ئیمام جومعەش پەیتا پەیتا ئیستیکانی چای لە پێش دادەندرا و بە ئیشتیا دەیخواردەوه. دەپێش ئەو نەقڵی چا و سەماوەرەدا کوتم که لە گوندی کولتەپەڕا هاتبوومەوه ئەو ڕۆژه لە لایان عومەراغای کوری عەزیزاغای عەبباسییەوه دەگەڵ دە دوازده کەسێک لە هاوکاران بۆ کولتەپه بانگ هێشتن کرابووین. عومەراغا ئەهلی شیعر و ئەدەب بوو زۆر لە شیعری کلاسیکی کوردیدا شارەزا بوو موتاڵای لە ئەدەبی فارسیش دا زۆر بوو عەزیزاغای باوکی لە دۆستانی خۆشەویست و زۆر نزیکی مامۆستای شاعیرانی موکریان یانی سەیفی قازی(سیف القضات) بوو هەردووکیان مریدی حەزرەتی شێخ شەمسەدینی بورهانی بوون و زۆر جار پێکەوه دەچوونه خانەقا و چله کێشی یان دەکرد و زۆر جاریش لە کولتەپه و گوێگجەلی میوانی یەک دەبوون گوێگجەلی گوندێکی گەوره و ئاوەدانی سەر چۆمی جەغەتوویه و بە مێشه و داروباغ ڕازاوەتەوه بە تایبەتی دە زەمانی سەیف دا حاڵ و هەوایەکی دیکەی هەبوو قەڵا و دیواخانی سەیف لە موکریاندا بە ناو بانگ بوو پەزیرایی گەرم و دڵۆفانی خاوەن ماڵ و جوانی قەڵا که بە سەر دەشتی سەوز و داروباغاتی دەوروبەری جەغەتوویدا دەڕوانی بێ وێنه بوون هەرکات سەیف ماوەیەک لە عەزیزاغا دوور دەکەوتەوه ئیتر ئوقرەی لێ هەڵدەگیرا و بە شیعر نامەی بۆ دەنووسی بە ڕای من که بۆ یەکەم جار دیوانی سەیفولقوزاتم بە چاپ گەیاند جوانترین شیعرەکانی سەیف هەر ئەوانەن که باسی عەزیزی تێدا کردوون وەک ئەم نموونەیه که دەی بینن:

زۆر تووڵی کێشا عەزیز هیجرانت لاڵ بم نابینم مەیلی جارانت

چ قەوما ئەوساڵ لەبەرچاو کەوتم چلۆنت دڵ هات لە دڵت دەرکردم

لە چێشتانێڕا تا بانگی شێوان چاوم چاوەڕێ لە دەشت و کێوان

چاوم هەر لە ڕێی کانیه کووزەڵه دنیام لە بەر چاو تەم و دووکەڵه

ساڵان هەر مانگێک مایەی حەیاتم یاتۆ دەهاتی یامن دەهاتم

هەر هاتەهات بوو ئەوساڵ نەهاتی ئەوەش بەدبەختی مایەی نەهاتی

هەمرازی شەوێم فکر و خەیاڵت                    ڕەفیقی ڕۆژێم یادی جەماڵت

ڕاستت پێ بڵێم عەزیز براکەم                    ناژیم نامێنم بێ تۆ هەڵ ناکەم

دیوەخانی عومەراغا بە قەدەر مزگەوتێک گەورە بوو چەندین کۆڵەکەی تێدا بوو هەمووشی فەرش کراو لایەک کتێبخانەیەکی ڕێک و پێک لایەک مۆبلمان و میز و سەندەڵی بۆ میوانداری و لایەک قاوەچی و چاوسەماوەری تێدابوو شەوێکی خۆشمان لەو ماڵە گەورەیەدا رابوارد ئێمە کە جەماعەتێک فەرهەنگی و مامۆستا و مودیر بووین لە ڕادەی ئاگادارێی عومەراغا لە ئەدەب و شێعر و ڕۆمان و مێژووسەرمان سووڕ مابوو لە درێژەی قساندا ڕووی تێکردم و کوتی شیعرێکی جەنابتم دیوە زۆر جوانە بەڵام تاکە بەیتێکم بە کەیفێ نەبوو لێم قرتاند پێم سەیر بوو شیعری من لای ئەو چ دەکا پاشان بۆم ڕوون بۆوە کە دۆستێکی من لە ئیدارە کە شیعرەکەی نووسیبۆوە نوسخەیەکی لێ دابوو بە عومەراغا شیعرەکە بریتی بوو لە هەڵبەستێک بە ناوی ئاڵبۆمی ژیان و لە پشت ئاڵبۆمی عەکسێک نووسیبووم هەندێکم لە شیعرەکە لە بیرماوە.

مەبەستە دڵ بە دنیا بێ بەقایە                    گەلێ وەعدە شکێن وبێ  وەفایە

لە کوێ یە دایکە حەووا کوانێ ئادەم                    کە شەیتان بوو بە مار و گەنمی دایە

لە کوێ یە وکوا سولەیمان تەخت و تاجی                    لە کوێ یە داود و بۆ دەنگی نایە

لە کوێ یە خاتەمی پێغەمبەرانت                    کە زوبدەی مورسەلینە و مستەفایە

لە ترس و هەیبەتی ئەو شێرە لەت بوو                    قەمەر ، هەر قسمەتێک ڕووی کردە لایە

لە بیستوونێ بپرسن نەقڵی فەرهاد                    هەتا پێتان بلێ ئەو ماجەڕایە

کە هەرکەس عیشقی بۆ دنیا لە سەر بێ                    لە خۆڕا ماندووە ڕەنجی بە بایە

سەعادەتمەند ئەوەی نێوی بە جێ هێشت                    ئەوەی لایەنگری مافی ڕەوایە

سەعادەتمەند ئەوەی بۆ نیشتمانی                    نەوەستێ قەت لە کێشە و کار و کایە

عومەراغا ئاخر شیعرەکەی پەڕاندبوو چونکە شیعرێکی سیاسییە عەرزم کرد کە من هەموو شیعرەکەم بۆ درکاندنی ئەو مەبەستە نووسیوە و ویستوومە خوێنەر بۆ خزمەت بە نیشتمان هان بدەم بەڵام پێک نەهاتین و ئیتر لە سەری نەڕۆیشتم نەمدەویست کەش و هەوای خۆشی میوانییەکە ناخۆش بکەم.

درێژەی هەیە...